# مۆدێل

سابیر صدیق

***بەرکوڵ***

**چیا پشتم دەچەمێنێ**

**نیگەرانی**

**سەری خۆم و شیعرم دەخوا**

**بەدڵ گۆرانی ووتن**

**بۆ پایز و ئەستێرە و ژن**

**ڕیشم سپی سپی دەکا**

** ** ** ** ** **

**لە کوێوە دەست پێبکەم**

**بە چەند هێڵ**

**"کانفانس"ی دەروونم دابەشکەم!؟**

**ئەی چەند ڕنگ پێوویستە**

**تا ژان و ناڵینی مرۆڤێک دەرببڕن!**

**فڵچەکەم چۆن بگرم**

**بۆئەوەی ڕەنگەکان**

**یەکتری سەرنەبڕن**

**له کوێدا کۆتایی پێبێنم!**

**سەرەتام**

**"سکێچی" سیماتەو**

**کۆتاییم**

**"مۆدێل" ی باڵاتە**

**ئەو ڕەنگەی**

**کەژانم دەداتە بەر تیشکی ڕووناکی**

**هارمۆنی پایزی و**

**هەنگوینی چاوانتە**

**ئەی کێشە سادەکە**

**ئەی بێشە چڕەکە**

**ئەی گۆمە مەنگەکە**

**ئەی چۆمە خوڕەکە**

**ئەی ژن**

**کاشکا بمتوانیبا**

**جگە لە جوانی تۆ**

**هیچی دیم نەدیبا**

قەرەداخ 1987

**تۆ**

**بەناخی**

**ئارەزوو**

**چرکەی پەنگ خواردوودا ڕۆدەچیت؟**

**تۆ**

**دەتوانیت**

**لەچڕی دوکەڵی جگەرەی ئاخێکدا**

**گۆرانیە سڕەکان بنێژی**

**تۆ**

**دەترسیت**

**پێکەنین بکەیتە ئیقاعی شیعرێک و**

**بەماچێ**

**لەزەتوو مانایەک**

**بە شەوی دەیجوری شاعیرێک ببەخشیت!!**

**ئەی کێشە سادەکە**

**ئەی بێشە چڕەکە**

**پەرچەمی خورمایی و ڕوخساری "برۆنزیت"**

**بوونەتە سکێچی سەرەتاو**

**باڵآشت مۆدێلی کۆتایم**

هارمۆنی پایزیی و خوماریی چاوانت

بوونەتە

دیمەنی کسکۆڵەی شیعرێکی مەلوول و

پارسەنگی

غوربەت و تەنیاییم

** ** **

ئەی گۆمە مەنگەکە

ئەی چۆمە خوڕەکە

ئەی ژن

من سۆزم بڵقێکی سەر ئاوەو

ووجودم پوشێکی دەم بایە

گوێم لێیە تۆش بانگم دەکەیت و

ئەم دڵە خورپەیە

ئەم بیم و هەناسە سوارییە

لە تەپە تەپی پێی

ئەم خەونە بێبۆن و بێڕەنگە

کۆتایی هەر نایە

سەقز 1988

کلیلی..

**شەپۆلی " هیستریا" ی ئەم چاخە**

**چریسکەی نیگاتە**

**مۆسیقای چرپەشت**

**"موعجیزە" ی جیهانی عەشقێکە**

**وەک "مۆرفین" دەرژێتە خوێنمەوە**

**ئەفسونی لەنجەشت**

**چێژێکی بزر بوو**

**تێکەڵی دڵ تەنگی ئێواران دەکات و**

**گیانێکی بزۆزیش**

**دەدا بەئارەزووی مەڵاس بووی ناخی من**

**بۆ ئەوەی**

**لە چڕی دیمەن و**

**لە قووڵی هەناسەی شیعرما**

**گەرمایی لەشی تۆ ببینرێ**

**کەچی تۆش دەترسیت**

**"تیرۆژ" ی موفەڕکە ماچێکت**

**بخەیتە سەر سیمای زەبوونی**

**ڕۆژنامەی عومرێکی چەواشەو**

**لەزەت و مانایەک**

**بەشەوی دەیجوری شاعیرێک ببەخشیت**

** ** **

**لە کوێدا**

**کۆتایی پێبێنم!**

**گوێم لێیە**

**تۆ بانگم دەکەیت و داخ ئەفسووس**

**هەندێ جار**

**لە"تیمپۆ" ی ژێکانی ناختا**

**نەشازی غروریت وەک چقڵ سەر دەکاو**

**بە مۆخما ڕۆدەچێت**

**ناهێڵێ**

**لە دەریای هەنسکی قافییەی ئەم شیعرە سەوزەدا**

**تابلۆی جاویدی جوانی تۆ**

**وەک یاقووت دەرکەوێت**

**ناهێڵێ**

**ئەم ڕۆحە دانسقەو ساکارە**

**ڕەنگی پشت دەنگەکان ببینێت**

**ناهێڵێ**

**ئەم ڕۆحە شەکەت و زگارە**

**دەنگی پشت ڕەنگەکان بژنەوێت**

** ** **

**بوونی تۆ**

**جەوهەری سۆزێکەو**

**هاوسەنگی هاوکێشەی "میزاج" م ڕادەگریٚ**

**تۆ نەبیت**

**گینگڵیش خەجاڵەت**

**ئەی ژن**

**ئەی هێمای تەم و مژ**

**غرورو ڕاڕایی و سنووری موستەحیل**

**نەبوون بە کۆڵەکەی سەرنج و بۆ چوونم**

**قووڵایی دەریایەک فەرهەنگمە**

**گەردن و ڕووسووریت ئازادە**

**سڵمەکە**

**" سڵمەکە لە مەیلی بەگەرمی ڕوانینی پیاوێک کە "***

**حەز دەکا ببێتە شاعیر و بەشیعریٚ**

**لەرِقی دنیایەک، دنیایەک دروستکات**

**سڵمەکە**

گەر سڵکەیت

نەگوێچکەی عاتیفەت

لە کسپەی ئاوازو

لە خورپەی شیعر دەگا

لە چێژی چریسکەی نیگاشت

بۆ پیاوێک

شەرمن و ترسنۆک دەبێتە پەناگە

** ** **

سەرەتا و

کۆتایی

ئەم شیعرە

شیعر نا...

وورێنەی لەرزوتا و

لەسەر خۆچوونێکی پڕ مانای دەردێکی کوشندە

ئەی ژن ..

تۆ بوویت و

تۆش نەبوویت

تۆ بیت و تۆ نەبیت

تۆ دەستم دەستۆکە

**تا منیش مردنم ببێتە داستانی موحیبەت**

**مردنێ**

**وەک"کۆڤان"***

**بەسام و ، ویقارو بەهەیبەت**

**ئەی هێمای تەمومژ**

**ئەی ژن**

**دەزانی!!**

**مردن و**

**داستان و**

**موحیبەت**

**یەعنی چی!؟**

**سلێمانی** 1990

---

* ئیشارەتە بۆ دێڕێ شیعری مامۆستا گۆران

* "کۆڤان" : ناوی هونەری پێشمەرگایەتی هونەرمەندی شێوەکار ( کامەران صدیق) ی شەهیدە کە لە ململانێیەکی ناو (پاسۆک) دا .. دەگاتە بن بەستو خۆی دەکوژێ

سابیر صدیق